www.kurdistannet.org
9-2-2003 13:46

# ناسنامە
# و
# چەند وێستگەیەکی گرنگی ژیانی سیاسی و ئەدەبی

مەهاباد قەرەداغی



١٩٦٦ لەدایکبوون، لە دووی ڕێبەندان، لە شاری کفری/ پارێزگای کەرکووک.

١٩٧٠ یەکەمین بەشداری لە ئۆپەرێتی گوڵی سوور لە ئاهەنگی نەورۆزدا لە شاری کفری.

١٩٨٠ (یەکەم) بڵاوبوونەوەی یەکەمین شیعر لە مانگی نەورۆزدا. (دووەم) بەستنی پەیمانی خۆشەویستی
لەگەڵ مستەفا گەرمیانی لە ٤/١٠ ی هەمان ساڵدا. (سێیەم) گرتن و زیندانیکردنی لە لایەن
ڕژێمی بەعسی فاشیستەوە لە ٢٨/ ٤ دا. نووسینی کۆمەڵە شیعرێک لەناو زیندانی ئینفیرادی
بەعقووبە لەسەر دەسماڵی کاغەزین و ناردنەوەی بۆ دەرەوەی زیندان. بڵاوکردنەوەی
هەندێک لەو شیعرانە بە ناوی نهێنی (هەتاو گەرمیانی) لە ڕۆژنامەکانی ناوشارو، بە ناوی نهێنی ترەوە
(ژاڵە، ئالا و، هتد) لە گۆڤارەکانی یەکێتی نووسەرانی شاخ، کە ئەمانە بە درێژایی ساڵانی هەشتا
بە هەمان ناوی نهێنی لە شاخ و لەپاڵ ئەوەشدا سەدان هۆنراوە و چیرۆک و بابەتی تر بە ناوی
ئاشکرای مەهاباد قەرەداغی لە ڕۆژنامەی هاوکاری، گۆڤارەکانی بەیان، ڕۆشنبیری نوێ،
نووسەری کورد، ڕۆژی کوردستان و هتد.

١٩٨١ دادگایی کردنی لەلایەن دادگای سەورە لە بەغداد، بڕینەوەی یەکساڵ زیندان و ٣٠ دینار سزاو
سێ ساڵ چاوەدێری.

١٩٨٢ بوون بە ئەندام لە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان.

١٩٨٤ دەستکردن بە خوێندن لە پەیمانگای هونەری کەرکووک، بەشی ژمێریاری.

١٩٨٤ بەشداریکردن لە یەکەمین کۆڕی شیعری لە شاری هەولێر، هۆڵی ڕۆشنبیری جەماوەر.

١٩٨٥ یەکەمین کۆڕی تایبەتی بۆ خوێندنەوەی شیعر و هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆکی شیعرەکان لە لایەن
جەمال خەمبار و، هەڵسەنگاندنی شێوەی شیعرەکان لە لایەن دڵشاد عومەر کاکی، لە هۆڵی
ڕۆشنبیری جەماوەر لە شاری سلێمانی.
ئامادەکردنی یەکەمین دیوانی شیعر بە ناوی (سروودی ئاسۆ) و، ڕەتکردنەوەی لە لایەن دایەرەی
ڕقابەی بەغداوە. لەسەر دیوانەکەدا بە خەتی سوور بە عەرەبی دەنووسن: شیعری زۆر خوێناوین،
چاپکردنیان بە تەواوی قەدەغەیە.

١٩٨٦ یەکەمین چاوپێکەوتنی ئەدەبی لە تەلەفیزیۆنی کوردی کەرکووک، بەرنامەکە لە ئامادەکردنی
شاعیری شەهید دڵشاد مەریوانی و پێشکەشکردنی شەهاب عوسمان.

١٩٨٧ وەرگرتنی دیپلۆم لە پەیمانگای هونەری کەرکووک بە پلەی زۆرباش، بەڵام ڕێگەنەدانی
کارکردنی لەهیچ دەزگا و دایەرەیەک لە لایەن ئاسایشی بەعسەوە.

١٩٨٨ ئامادەکردنی دووەمین دیوانی شیعری بە ناوی (شنەی هیوا) و قەدەغەکردنی چاپکردنی لە لایەن

دەزگای سانسۆری بەغداوە.

١٩٨٩ نووسینی ڕەشنووسی لێکۆڵینەوەیەک لەسەر کێشەی ژنان بە ناوی (لە پێناوی ژیانەوەی ئافرەتدا)

١٩٩٠ کارکردن بۆ ماوەی دوو هەفتە وەک کرێکار لە کارگەی ڕستنی کفری، کە بوو بە هەوێنی چەندان شیعری کرێکاری.

١٩٩١ ڕاپەڕینی مەزن و کۆڕەوی سێ ملیۆنی و بەشداری لەو ڕووداوانەدا.

١٩٩٢ چاپکردنی یەکەمین دیوانی شیعری بە ناوی: نەخشەی دواڕۆژی کرێکار.

زەماوەندکردن و پێکەوەنانی ژیانی هاوسەری لەگەڵ مستەفا گەرمیانی.

سەفەرکردن بە نیازی سوید و مانەوە بۆ ماوەی یانزە مانگ لە دیمەشقی پایتەختی سوریە.

١٩٩٣ گەیشتنە وڵاتی سوید و نیشتەجێبوون تیایدا.

چاپکردنی دووەمین دیوانی شیعری بە یارمەتی ئامۆژگای کلتووری سوید، دیوانەکە ناوی (پانۆراما) یە.

١٩٩٤ چاپکردنی سێ کتێب کە بریتی بوون لە:

(کۆچ) ، ڕۆمان و کورتەچیرۆک.

(شیعر هەناسەی گەردوونە) ، وەرگێران، هەڵبژاردەیەک لە شیعری هاوچەرخی جیهان.

(نانی ژەهراوی) وەرگێران، شانۆنامەیەکی بولگاری لە نووسینی ڤیسیلین هانچێڤ.

١٩٩٥ چاپکردنی دوو کتێب لە سوید:

( دانیپانانێکی پیاوانە) وەرگێران، دوانزە کورتەچیرۆکی د. نەوال سەعداوی.

(لە پێناوی ژیانەوەی ئافرەتدا) ، لێکۆڵینەوە لە کێشەی ژنان.

١٩٩٦ چاپکردنی چامەی (شاخ کێڵگەی گەنمەشامییە) ، چامەیەکی شیعرییە بۆ ئەنفال نووسراوە.

١٩٩٧ چاپکردنی دیوانی (میدالیا) .

١٩٩٨ ئامادە و پێشکەشکردنی بەرنامەی (پانۆراما) لە مەدتیڤی بۆ ماوەی دوو ساڵ، دووهەفتەجارێک.

دیوانێکی هاوبەش بە زمانی سویدی بە ناوی : باڵندەبەفرەکان، لەگەڵ کچێکی شاعیر بە ناوی ئیڤالیل پاتیل نیلسۆن.

١٩٩٩ (یەکەم) لە یەکی مانگی شەش دا لەدایک بوونی (شاکار) . (دووەم) لە یەکی مانگی نۆدا دەستکردن بە خوێندن لە زانکۆ. (سێیەم) لەیەکی مانگی دوانزەدا چاپکردنی دیوانی: هاژەی ڕۆح.

٢٠٠٠ بەردەوامی خوێندنی زانکۆ لە بەشی پەروەردەی زانکۆی ترۆلهێتان.

چاپبوونی کتێبێکی هاوبەش لەگەڵ فەهمی کاکەیی و ئەمجەد شاکەلی، بە ناوی: گەرمیان، کتێبی خوێندنەوەی کوردی بۆ ئاستی یەکەم.

٢٠٠١ بەردەوامی خوێندن لە زانکۆی ستۆکهۆڵم.

چاپبوونی کتێبی دووەمی هاوبەش لەگەڵ نووسەران فەهمی کاکەیی و ئەمجەد شاکەلی بە ناوی: باوەگوڕگوڕ، کتێبی خوێندنەوەی کوردی بۆ ئاستی دووەم.

٢٠٠٢ تەواوکردنی پەروەردە بە پلەی زۆرباش وەک ئەنجامی لێکۆڵینەوەیەک بە ناوی: (زمان، ڕامان و ناسنامە)

www.kurdistannet.org کوردستان نێت

چاپبوونی (ئازادکردنی مێژوو) لێکۆڵینەوەی سۆسیۆسایکۆلۆژی لەسەر کێشەی ژنان، لە لایەن دەزگای پەخشی سەردەم.

٢٠٠٣ بەردەوامی خوێندن لە بەشی کۆمەڵناسی زانکۆی ستۆکهۆڵم.

چاپبوونی سێیەم کتێبی هاوبەش لەگەڵ نووسەران فەهمی کاکەیی و ئەمجەد شاکەلی. بە ناوی: دیلان.

کتێبی: ژن و کۆمەڵگە لە قۆناغی باڵندەیی شێرکۆ بێکەس دا، لێکۆڵینەوە.



www.kurdistannet.org
کوردستان نێت